کۆبوونەوەیەکی گرینگی هاوپەیمانیی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سلێمانی بەڕێوە چوو

ڕێکەوتی ٢٢ی ڕەزبەری ٢٧١١ی کوردی، بەرامبەر ١٢ / ١٠ / ٢٠١٠ ی زایینی. سەرکردایەتی هەر ٣ پارتی ئەندام لە هاوپەیمانیی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بریتین لە کۆمەڵە- پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان، پارتی سەربەستیی کوردستان و پارتی لیبرالدیموکراتی کوردستان. بە مەبەستی تاوتوێکردنی هیندێک خاڵی گرنگ و پێوەندیدار بە گۆڕانکارییەکانی ئیستا و ئایندەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری سلێمانی لە هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.
شاندی هەر ٣ لایەن لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە شرۆڤەیان کرد و بیروڕایان گۆڕییەوە.

١. هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئێران کە لە چەند مانگی داهاتوو دەستپێدەکات. خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵوێستی هاوپەیمانیمان لەو بوارەوە.
٢. بە هێزکردنی کار و چالاکی هاوپەیمانی و یەکێتی و یەکریزی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کوردستانی.
٣. باسێکی گشتی لە سەر هەل و مەرجی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
لەو کۆبوونەوە سێ لایەنەدا، شاندی هەر ٣ لایەن بریتی بوون لە :
شاندی پارتی سەربەستیی کوردستان: عارف باوەجانی سەرۆکی پ س ک و وتەبێژی هاوپەیمانیی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جەوهەر میرزایی ئەندامی پێوەندییەکانی هەولێری پسک.
شاندی پارتی لیبرالدیموکراتی کوردستان: عەلی زیرەک سەرۆکی پارتی لیبرالدیموکراتی کوردستان.
شاندی کۆمەڵە: پارتی سوسیالدیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: عەبدوڵا کۆنەپۆشی و سەبری بەهمەنی، ئەندامانی سەرکردایەتی.
لە کوتاییشدا بڕیار درا کە هەتا دەستپێکی هەڵبژاردنەکان دانیشتنەکانی هاوپەیمانیی درێژەی ببێت.

هاوپەیمانی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

hawpeimani@gmail.com